## بەرزو پیرۆزبێت یادی (21)ساڵەی دامەزراندنی

## حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

2006/12/12، یادی (21)ساڵەی دامەزراندنی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)ە.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، (21)ساڵ لەمەوبەرو لەهەلومەرجێکی دژواردا کە ئەوکاتە گەلی کوردستان‌و بزاڤە رزگاریخوازانەکەی پێیدا تێدەپەڕین وەك پێویستییەکی بابەتی‌و مێژوویی بۆ بەشداریکردن لەسەر خستنی ئەو بزاڤەو گەیاندنی گەلی کوردستان بە رزگاری‌و سەربەخۆیی لەدایك بوو.

بەم بۆنەوە سەرەتا سەری رێزو وەفاداری بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حزب‌و گەلەکەمان‌و خانەوادەکانیان دادەنوێنین‌و سڵاو لەخۆڕاگری کادیرو پێشمەرگەو ئەندام‌و دۆست‌و لایەنگرانی حزب دەکەین، کەلەماوەی ئەو (21) ساڵەی خەباتدا سەرباری سەختی کارو هەڵسوڕان، سەربەرزو جوامێرانە ئاڵای حزبە تێکۆشەرەکەیان بەرزو شەکاوە راگرتووە.

یادی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەمساڵ لەکاتێکدایە کە رێگە چارەسەرەکان بۆ قەیرانی عیراق کەزیاتر خۆی لەراسپاردەکانی لیژنەی (بیکەر- هامیلتۆن) دەبینێتەوە، مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد لەفیدرالیزم‌و دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی (140)و کەرکوك‌و سامانی سروشتیی، پێشێل دەکات، کە ئەمەش بۆ داکۆکیکردن لەومافانەی خۆی، کورد بەناچاری تێکەڵ بەکێشەکان دەکات.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەکاتێکدا پێشێلکردنی ئەو مافانەی گەلەکەمان کە لەو راپۆرتەدا هاتووە بەتووندی رەتدەکاتەوە، پێی وایە کە جێبەجێکردنی زۆرێك لەو پێشنیارانە نەك هەر چارەسەری بارودۆخەکە ناکات، بەڵکو بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەو پێشهاتە نێگەتیفانە، داوای وریایی‌و خۆئامادە کردنی گەلەکەمان لەبەرامبەر سەرجەم ئەگەرەکان دەکات.

هەروەك حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، جارێکی تریش داوا دەکات کە تاوەکو ئەو راسپاردانە بڕیارییان لێنەدراوەو نەکەوتوونەتە واری پراکتیکییەوە لایەنی کوردی بکەوێتە هەوڵێکی چڕوپڕی دیبلۆماسی‌و بۆجێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستووریش چاوەڕوانی بەغدا نەکات، بەڵکو خۆی ئەوەندەی بۆی دەکرێت پرۆسەکە جێبەجێ بکات.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێی وایە، کە لەماوەی (15) ساڵی رابردوودا کورد نەیتوانی نموونەی ئیدارەیەکی شەفاف‌و سەرکەوتوو پیشان بدات‌و وەك میللەتێکی ئەکتیف لەناوچەکەدا دەربکەوێت. کە بەمەش پشتیوانی دونیاو گەرەنتییەك بۆ مسۆگەر کردنی مافەکانی دەستەبەر بکات، بۆئەوەی لەگەڵ هاتنە پێشەوەی بارودۆخێکی ئاوادا ئەو مافانەی پارێزراو بێت.

لەیادی (21) ساڵەی دامەزراندنیدا، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەبەرامبەر ئەو بارودۆخە هەستیارەدا داوا لەکادیرو پێشمەرگەو دۆست‌و لایەنکرو سەرجەم رێکخستنەکانی خۆی دەکات کە بەرپرسانە پەرە بەکارو چالاکییەکانیان بدەن‌و خەباتی حزبەکەیان پێش بخەن.

- هەرشەکاوەبێ ئاڵای حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەیادی (21)ساڵەی دامەزراندنیدا.

مەکتەبی سیاسی
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

2006/12/10-سلێمانی